سەید حەکیم گرنگی هۆزە عێراقییەکان دووپات دەکاتەوە و جەخت لەسەر پاڵپشتی کردنی جۆتیاران دەکاتەو□ ب□ □ □ووبەڕووبوونەوەی ڕکا بەریییە ئا بووریەکان

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت پێشوازی لە شێخ هیشانم ئال دانە ئەلجبووری کرد، لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دێرینی بنەماڵەی حەکیمی لەگەڵ هۆزە عێراقییەکان کرد بەتایبەتی هۆزی جبوور و گوتیشی هۆزەکان ک□□ک□یەکی گرنگی گۆمەڵگای عێراقن.

سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە عێراق لە ڕکا بەریییەکی ئابووری سەخت تێپەڕ دەبێت و کە بەهۆی ڕوودا وەکانی ناوچەکەیە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی لە ڕووی ناردنە دەرەوەی نەوت و هەناردن□ کردنی، هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا پاڵپشتی جوتیارانی کرد و گوتی شایستەکانیان پێویستە پێشینە بێت وەك پێشینەی مووچەی فەرمانبەران.